### توێژینەوەیەکی بەراورد کاری لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی سوید

# تەنها خاڵی هاوبەشیان تەمەنی سەرۆك وەزیرانەکانیانە

## بە پێی یاسای خانەنشینی پێویستە پێنج وەزیر و جێگری سەرۆکی حکومەت خانەنشین بکرێن


کامەران ئیسحاق پەری

تایبەت بە لڤین - سوید


● ئەم بابەتە، توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لەنێوان دوو حوکمەت کە لە یەککاتدا لە دوو شوێنی جیاواز لە دووکۆمەڵگای نامۆ بە یەکدی فەرمانڕەوا دەکەن، یەکێکیان: (دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان)ە، کە بۆماوەی ١٦ ساڵ فەرمانڕەوایی دەکات، ئەوی تریان حکومەتێکە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هاوچەرخی فەرمانڕەوای سویددا چوار پارتی ئۆپۆزسیۆن کە بە (ئەلیانس) باڵی لیبراڵ ناسراون، دەسەڵات دەگرنە دەستو لە پارتی سۆسیاڵ دیموکراتو هاوپەیمانەکانی بە ڕێژەی ٥٢٪ بەرامبەر ٤٨٪ لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەستدەهێنن‌و لە ساڵی ٢٠٠٦دا هەردووکیان حکومەتیان پێکهێناوە.



**پێکهاتەو ناوی وەزیرو وەزارەتەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی سویدی پێکهێنراو، لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦دا**

| ناوی وەزیر | تەمەن ـ رەگەز | شوێنی لەدایکبون | جێگەی لەناوحکومەتدا ئێستا | پیشەو پسپۆڕی ـ کاری پێشووتر |
|---|---|---|---|---|
| ١ـ فریدریك راینسفێلد | ٤١ ساڵ ـ نێر | شارۆچکەی تێبی | سەرۆك وەزیران | ئیکۆنۆمی سڤیل ـ ئەمینداری گشتیی پارتی مۆدێرات |
| ٢ـ سیسیلیا مالمسیتۆم | ٣٨ ساڵ ـ مێ | شاری یۆتۆبۆری | وەزیری ـ یەکێتیی ئەوروپا | پسپۆڕی سیاسیی نێودەوڵەتی ـ ئەندام پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپا |
| ٣ـ یۆران یۆگلاد | ٤٧ ساڵ ـ نێر | بانکیرید | وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی | راوێژکاری سیاسی ـ وتەبێژی پارتی کرستیان دیموکرات |
| ٤ ـ ماریا لارشۆن | ٥٠ ساڵ ـ مێ | گنۆسو | وەزیری تەندروستیی کۆمەڵ | مامۆستا ـ ئەندام پەرلەمان |
| ٥ ـ ریستیناهیوسمارك | ٥٩ ساڵ ـ مێ | کۆگۆد سڤالۆڤ | وەزیری زەمانی کۆمەڵایەتی | پەیمانگای تەندروستی ـ ئەندام پەرلەمان |
| ٦ ـ ماودئولوف سۆن | ٥١ ساڵ ـ مێ | هیوگ فۆرس | وەزیری ـ بەرهەمهێنان‌و پیشەسازی | راوێژکاری ـ سەرۆکی پارتی گەلی لیبرا |
| ٧ ـ ئۆساتۆرستینسۆن | ٤٨ ساڵ ـ مێ | ستۆکهۆڵم | وەزیری پەرەپێدانی ژێرخانی کۆمەڵ | توێژکاری کۆمەڵایەتیی ئەندام پەرلەمان |
| ٨ ـ پاتریسائاسك | ٥٠ ساڵ ـ مێ | ستۆکهۆڵم | وەزیری داد ـ | ئابووریناس ـ ئەندام پەرلەمان وەزیر لە حکومەتی پێشوودا |
| ٩ ـ تۆبیاس بیلسترۆم | ٣٢ ساڵ ـ نێر | مالـمۆ | وەزیری پەناهەندەـ | بەڕێوبەریەری مەلەڤی گشتی پەناهەندە |
| ١٠ـ ئیسکی لئیرلاندشۆن | ٤٩ ساڵ ـ نێر | لیۆنگێی کۆمون | وەزیری کشتوکاڵ | ـ پسپۆر لەکشتوکاڵدا ـ ئەندام پەرلەمان |
| ١١ ـ سیسیلیا ستێگ چیلۆ | ٤٧ ساڵ ـ مێ | برووما | وەزیری رۆشنبیری ـ جۆرنالیست | بەڕێوبەری گشتی ـ بەڕێوبەریتیی هاندانی کەرتی تایبەت |
| ١٢ ـ مایکل ئۆدمبێرگ | ٥٢ ساڵ ـ نێر | ستۆکهۆڵم | وەزیری بەرگری | خاوەن کۆمپانیا- ئەندام پەرلەمان |
| ١٣ ئەندریا سکارلگران | ٤٨ ساڵ ـ نێر | ستۆکهۆڵم | وەزیری ژنگە | بازرگان ـ وتەبێژی پارتی سەنتەر |
| ١٤ ـ ئەندێرس بۆرگ | ٣٨ ساڵ ـ نێر | کاتریناهۆڵم | وەزیری ئابووری | ئابووریی جیهان بەڕێوبەری دارایی |
| ١٥ ـ ماتاس ئۆدیال | ٥٩ ساڵ ـ نێر | تێبێ | وەزیری شارەوانیی‌و بازاڕی ئابووری | وەزیر ـ ئەندام پەرلەمان |
| ١٦ ـ سڤین ئۆتیالیتۆن | ٤٠ ساڵ ـ نێر | لیدینگۆ | وەزیری کار | ئابووریی مەدەنی ـ پراکتیزەکردنی کار |
| ١٧ ـ کارل بیلدیت | ٥٧ ساڵ ـ نێر | ستۆکهۆڵم | وەزیری دەروە | دیپلۆمات ـ وەزیرـ سەرۆکی لیژنە |
| ١٨ ـ ماریا بۆرۆلس | ٤٦ ساڵ ـ مێ | دیۆرس ۆلم | وەزیری بازرگانی | نوسەری ئابوری ـ رۆژنامەنووس ـ سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژ |
| ١٩ ـ گونیلا کارلسۆن | ٤٣ ساڵ ـ مێ | تیریسیۆ | وەزیری گەشەپێدانی ئابوری | سڤیل ئیکۆنۆمی ـ ئەندام پەرلەمان |
| ٢٠ ـ لارس لیۆن | ٥٦ ساڵ ـ نێر | ستۆکهۆڵم | وەزیری خوێندنی بالآ | بەکالاریۆس کۆمەڵناسی ـ وتەبێژی رەسمیی پارتی گەل |
| ٢١ ـ یان بیرکولوند | ٤٤ ساڵ ـ نێر | بروما | وەزیری قوتابخانە | بەریوبەری ئۆفیسی پیشەییەکان |
| ٢٢ ـ نیاماکۆ سامبۆنو | ٣٧ ساڵ ـ مێ | ستۆکهۆڵم | وەزیری پێکەوەژیانی یەکسان | راوێژکار ـ ئەندام پەرلەمان |

**پێکهاتەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان: لە ٨ی مای ٢٠٠٦.**

| وەزیر | تەمەن | شوێنی لەدایکبون | پیشە ـ پسپۆڕی | کاری پێشووتر |
|---|---|---|---|---|
| ١ ـ عوسمان حاجی مەحمود | ٤٤ ساڵ ـ ١٩٦٣ | کفری ـ گەرمیان | خوێندنی ناوەندی ـ پێشمەرگە | کادیری حیزبی ـ وەزیر |
| ٢ ـ عەبدولکەریم سوڵتان | ٥٧ ساڵ ـ ١٩٥٠ | شەنگال ـ دهۆك | کۆلیژی یاسا ـ | کادیری حیزبی ـ وەزیر |
| ٣ ـ سەرکیس ئاغاجان مامەندۆ | ٤٥ ساڵ ـ ١٩٦٢ | دیانە ـ هەولێر | کاسب ـ پێشمەرگەی پارتی | کادیری حیزبی ـ وەزیر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ ـ بایز سەعید تاڵەبانی | ٦٣ ساڵ ـ ١٩٤٤ | کەرکوك | پێشمەرگە | وەزیر ـ ئیدارەی مالیی ی.ن.ك |
| ٥ ـ فاروق جەمیل سادق | ٦٢ ساڵ ١٩٤٥ | هەولێر | کۆلێژی یاسا ـ | وەکیل وەزیر ـ ئیدارەی سلێمانی |
| ٦ ـ ئازادعیزەدین مەلائەفەندی | ٥٨ ساڵ ـ ١٩٤٩ | هەولێر | بەکالۆریس و یاساو رامیاری | وەزیری کشتوکاڵ ـ ئیدارەی هەرێم |
| ٧ ـ عومەر عوسمان (زەعیم) | ٥٨ ساڵ ـ ١٩٤٩ | هەولێر | کۆلێژی سەربازیی | کادیری حیزبی ـ پێشمەرگە |
| ٨ ـ جەعفەرمستەفا | ٥٧ ساڵ ـ ١٩٥٠ | قەرەداغ ـ سلێمانی | خوێندنی ئامادەیی | پێشمەرگە ـ کادیری حیزبی |
| ٩ ـ بورهان سەعید سۆفی | ٤٥ ساڵ ١٩٦٢ | هەولێر | خوێندنی ئامادەیی | پێشمەرگە ـ کادیری حیزبی |
| ١٠ـ دڵشاد عەبدولڕەحمان | ٤٨ ساڵ ـ ١٩٥٢ | سلێمانی | دکتۆرا لە بواری کشتوکاڵ | بەڕێوبەری پەیمانگا ـ سەرۆکی |
| ١١ ـ عەبدولڕەحمان عوسمان | ٥٣ ساڵ ـ ١٩٥٤ | کەرکوك | پزیشك ـ | کارکردن لە نەخۆشخانە |
| ١٢ ـ عەدنان محەمەد قادر | ٥١ ساڵ ـ ١٩٥٦ | کەلار ـ گەرمیان | خوێندکاری زانکۆی سلێمانی | پێشمەرگە ـ کادیری حیزبی |
| ١٣ـ محەمەد ئەحمەد شاکەلی | ٦٢ ساڵ ـ ١٩٤٤ | کەرکوك | دبلۆم لە زمانی عەرەبیدا | وەزیر ـ ئیدارەی سلێمانی |
| ١٤ ـ تەحسین قادر | ٤٨ ساڵ ـ ١٩٥٩ | سلێمانی | ئەندازیار | وەزیر ـ وەکیل وەزیر |
| ١٥ـ عیماد ئەحمەد سەیفور | ٥٢ ساڵ ـ ١٩٥٢ | خانەقی | دبلۆم ـ پەیمانگای تەکنیکی بەغدا | جێگری سەرۆك حکومەت ـ |
| ١٦ـ عوسمان ئیسماعیل | ٥٠ ساڵ ـ ١٩٥٧ | هەولێر | بەکالۆریۆس کارگێریی وئابووری | وەزیری شارەوانی |
| ١٧ـ یوسف محەمەد عەزیز | ٥٠ ساڵ ـ ١٩٥٧ | ئاکرێ ـ دهۆك | بەکالۆریوس ـ پزیشکی | دامەزرێنەری رێکخراو |
| ١٨ ـ ئیدریس هادی ساڵح | ٥٥ ساڵ ـ ١٩٥٢ | هەولێر | دکتۆرا ـ ئەندازیاری کارەبایی | وەزیر لە حکومەتی عێراقی |
| ١٩ ـ عەبدولعەزیز تەیب | ٥٣ ساڵ ـ ١٩٥٤ | دهۆك | خانەی مامۆستایان | پارێزگار ـ وەزیری پەروەردە |
| ٢٠ ـ چنار سەعد عەبدوڵڵا | ٣٣ ساڵ ـ ١٩٧٤ | هەولێر | بەکالۆریۆس کۆمەڵناسی | رۆژنامەنوس (خەبات ـ گوڵان) |
| ٢١ ـ فەلەکەدین کاکەیی | ٦٤ ساڵ ـ ١٩٤٣ | دبس ـ کەرکوك | خوێندنی ئامادەیی | نووسەر ـ وەزیر ـ کادیری حیزبی |
| ٢٢ـ وشیار عەبدولڕەحمان | ٥١ ساڵ ـ ١٩٥٦ | سلێمانی | ماستەر ـ سەرچاوە ئاوییەکان | کادیری حیزبی |
| ٢٣ـ ئاشتی هەورامی | ٤٩ ساڵ ـ ١٩٥٨ | بیارە ـ سلێمانی | دکتۆرا | کادیری حیزبی |
| ٢٤ـ نازەنین محەمەد وسو | ٤٨ ساڵ ـ ١٩٥٩ | هەولێر | ئەندازیار | وەزیر لە ساڵی ١٩٩٦ەوە |
| ٢٥ـ تەها عەبدولڕەحمان | ٤٥ ساڵ ١٩٦٢ | ئامێدی ـ دهۆك | زانستە سیاسییەکان | نوێنەری حکومەت لەئەوروپا |
| ٢٦ـ محەمەد ئیحسان | ٤٢ ساڵ ـ ١٩٦٥ | زاخۆ ـ دهۆك | دکتۆرا | وەزیری مافی مرۆڤ |
| ٢٧ـ محەمەد رەئوف محەمەد | ٤٦ ساڵ ـ ١٩٦١ | هەڵەبجە ـ سلێمانی | شەریعە ـ زانستەسیاسیەکان | کادیری حیزبی ـ ئیسلامی |
| ٢٨ ـ وداد خورشید عوسمان | ٦٠ ساڵ ـ ١٩٤٧ | هەولێر | دبلۆم ـ تەکنیکی | سەرۆکی ئۆجاغی برایەتیی تورك |
| ٢٩ـ دارا محەمەد ئەمین | ٤٠ ساڵ ـ ١٩٦٧ | ماوەت ـ سلێمانی | ماجستێر، یاسای نێودەوڵەتی | ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵ |
| ٣٠ ـ نەمرود بەسیۆ یوحەننا | ٥٥ ساڵ ـ ١٩٥٢ | دهۆك | بەکالۆریۆس ئەندازیاری | سەرۆکی پارتی مەسیحی |
| ٣١ـ حەیدەر شێخ عەلی | ٦٠ ساڵ ـ ١٩٤٧ | بەغداد | پەیمانگای پیشەسازی | کادیری حیزبی ـ وەزیر |
| ٣٢ـ ئەبوبەکر عەلی | ٣٩ ساڵ ـ ١٩٦٨ | سلێمانی | کۆلێژی یاسا | ئەندامی (م،س)ی یەکگرتوو |
| ٣٣ ـ جینان قسام | ٣٨ ساڵ ـ ١٩٦٩ | بەغداد | پزیشکی ددان | پزیشك |
| ٣٤ـ جۆرج یوسف مەنسور | ٥٥ ـ ساڵ ـ ١٩٥٢ | کەرکوك | ماستەری راگەیاندن | بەڕێوبەری تەلەفیزۆنی عەشتار |
| ٣٥ ـ دەخیل سەعید قسام | ٥٦ ساڵ ـ ١٩٥١ | شنگار ـ دهۆك | پزیشکی | دکتۆری نەشتەگەریی ـ ئێزیدی |
| ٣٦ـ محەمەد حاجی مەحمود | ٥٢ ساڵ ـ ١٩٥٥ | خورماڵ ـ شارەزور | سیاسیی | سەرۆکی حیزبی سۆسیالست |
| ٣٧ـ مەحمود عیدۆ | ٤٥ ساڵ ـ ١٩٦٢ | شەنگال ـ دهۆك | ئەندازیار | کادیری حیزبی ـ نوێنەری ینك |
| ٣٨ـ سەعید خالد محەمەد | ٤٤ ساڵ ١٩٦٣ | هەولێر | پێشمەرگە | کادیری حیزبی زەحمەتکێشان |
| ٣٩ ـ عەبدوللەتیف بەندەر | ٧٠ ساڵ ـ ١٩٣٧ | کەرکوك | نووسەر ـ کادیری حیزبی | راوێژکاری تاڵەبانی ٢٠٠٥ |
| ٤٠ ـ مەدحەت مەندەلاوی | ٥٦ ساڵ ١٩٥٦ | زرباتییە | کادیری حیزبی | کادیری حیزب |
| ٤١ـ عومەرفەتاح | ٦٤ ساڵ ـ ١٩٤٣ | ماوەت ـ سلێمانی | پێشمەرگە ـ کادیری حیزب | سەرۆکی حکومەت، ئیدارەی ی.ن.ك |
| ٤٢ ـ نێچیرڤان بارزانی | ٤١ ساڵ ـ ١٩٦٦ | بارزان ـ دهۆك | کادیری حیزب | سەرۆکی حکومەت، ئیدارەی پ.د.ك |

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

* نێچیرڤان ئیدریس بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، تەمەن ٤١ ساڵ (لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٦ - دێی بارزان) پیشەو پسپۆڕی (کادیری حیزبی)

کاری پێشووتر - ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پ.د.ك

- سەرۆك وەزیران، ئیدارەی هەولێر لە ساڵی ١٩٩٩ - ٢٠٠٦

بۆ یەکەمجار کە بووەتە سەرۆك وەزیران لە ساڵی ١٩٩٩دا بووە، ئەوکات تەمەنی ٣٣ ساڵ بووە، تا ساڵی ٢٠١٠ کە ماوەی یاسایی کابینەکەی بەسەردەچێت دەکاتە١١ ساڵ سەرۆك وەزیرانی هەرێم بووە.

* فریدریك راینس فێڵد، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

تەمەن ٤١ ساڵ لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٦ـ شاری تێبی، پیشەو پسپۆڕیی (سڤیل ئیکۆنۆمی)

کاری پێشووتر، سەرۆکی پارتی مۆدێراتی سوید - بۆ یەکەمجارە دەبێتە سەرۆك وەزیرانی سوید، ماوەی متمانە بە حکومەتەکەی لە ساڵی ٢٠١٠دا تەواودەبێت، ئەگەر جارێکی تر هەڵبژێرێتەوە بۆ سەرۆك وەزیران، دەکاتە ٨ ساڵ سەرۆك وەزیران.

جێگری سەرۆك ئەنجومەنی وەزیران

* عومەر فەتاح حسێن، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، تەمەن ٦٤ ساڵ (لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٣ - ماوەت)، پیشە (کادیری حیزبی)

کاری پێشووتر ـ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ی.ن.ك

- سەرۆکی حکومەتی هەرێم، ئیدارەی سلێمانی ٢٠٠٢ - ٢٠٠٦

بۆ یەکەمجار کە بۆتە سەرۆك وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی، تەمەنی ٥٩ ساڵ بووە - لە ماوەی جێگری وەزیرایەتیدا تەمەنی یاسایی خانەنشینی تەواودەکات واتە لە ساڵی ٢٠٠٨داو بەر لە کۆتاییهاتنی ویلایەتی حکومەت بەپێی یاسای خانەنشینی، دەبێت خانەنشینبکرێت.

* سەرنج "لە پێکهاتی ئەنجومەنی وەزیرانی سویدیدا، جێگری سەرۆك وەزیران نییە".

**ڕەگەزی مێ لە هەردووحکومەتدا**

- لە حکومەتی سویدیدا لە کۆی (٢٢) وەزارەت، (١٠) وەزارەت بەدەست ڕەگەزی (مێینە)وەیە، ئەم بەشداریکردنە ٤٥٪ پێکدەهێنێت، ١٢ وەزارەتیش کە دەکاتە ٥٥٪ بەدەست ڕەگەزی (نێرینە)وەیە.

ـ لە حکومەتی کوردستاندا لە کۆی (٤٢) وەزارەت، تەنها (٣) وەزیر لە ڕەگەزی (مێینە)ن، لەو سێ وەزیرە یەکێکیان وەزیری هەرێمی بێ وەزارەتە. وەزیرەکانیش ئەمانەن

١ - چنار سعد عەبدوڵلا، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان (کچی شەهید سەعد عەبدوڵلا)، پیشە: ڕۆژنامەنووس

٢ـ نازەنین محەمەد وسو، وەزیری شارەوانی، پیشە: لە ساڵی ١٩٩٦ەوە وەزیرە لە ئیدارەی هەولێر.

٣ـ جنان قسام، وەزیری هەرێم، پیشە: پزیشك.

ئەم بەشدارییپێکردنەش ڕێژەی ٧٪ پێکدەهێنێت و ٣٩ وەزارەت کە دەکاتە لە ٩٣٪ بەدەست ڕەگەزی نێرینەوەیە.

سەرنج:

لە کابینەی حکومەتی سۆسیال دیموکراتەکانی سوید بۆ ساڵی ١٩٩٨ـ ٢٠٠٢ بەهەمانشێوە ١٠ وەزیری ژن بووە لە کۆی ٢٢ وەزارەت.

بەڵام لە کابینەی حکومەتی هەرێم ئیدارەی هەولێر بۆساڵیّ ١٩٩٩ـ ٢٠٠٦ لەکۆی ٢٦ وەزارەت تەنها (١) وەزیر ژن بووە کە ئەویش نازەنین محەمەد وسو وەزیری (ئەنشغال و نیشتەجێکردن) بووە.

قەوارەی حیزبەکان لەناوحکومەتدا:

*ـ لەناوحکومەتی هەرێمی کوردستاندا*

١٦ وەزارەت بۆ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بە جێگری سەرۆك وەزیرانەوە کە ڕێژەی ٣٨٪ پێکدەهێنیت

١٦ وەزارەت بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، بە سەرۆك وەزیرانەوە کە ڕێژەی ٣٨٪ پێکدەهێنێت

١٠ وەزارەت بۆ حیزب و لایەنە کوردستانیەکانی ترکە ئەمانە ناوەکانیانە: (یەکگرتووی ئیسلامی– ٢ وەزارەت، حیزبی شیوعی– ١ وەزارەت، مەسیحی– ٢ وەزارەت ، ئێزیدی– ١ وەزارەت، سۆسیالیست– ١ وەزارەت، زەحمەتکێشان– ١ وەزارەت، کۆمەڵی ئیسلامی– ١ وەزارەت، تورکمان– ١ وەزارەت). ئەم بەشداریکردنە بە هەمووییانەوە ٢٤٪ پێکدەهێنێت.

بەم پێیە، یەکێتیی و پارتی پێکەوە لە ٧٦٪ی وەزارەتەکان بەدەستدەگرن و تەنها ٢٤٪ بۆ لایەن و حیزبەکانی تری هاوپەیمانە.

قەوارەی حیزبەکان و دابەشبوونیان لەناو حکومەتی هاوپەیمانی (ئەلیانس)ی سویدی :

– ١١ وەزارەت بۆ پارتی سەرکەوتوو لە هەڵبژاردنەکاندا، پارتی مۆدەراتی سویدی بە سەرۆك وەزیرانیشەوە، ٥٠٪.

– ٤ وەزارەت بۆ سەنتەر (پارتی چەقی سویدی)، هاوپەیمان لەگەڵ پارتی مۆدیرات، ١٨٪.

– ٤ وەزارەت بۆ پارتی (گەلی سویدی)، هاوپەیمان لەگەڵ پارتی مۆدێرات ١٨٪.

– ٣ وەزارەت بۆ پارتی (کریستیان دیموکراتی سویدی)، هاوپەیمان لەگەڵ پارت مۆدێرات ١٤٪.

وەزیرە پەرلەمانتارەکان:

- لە حکومەتی هەرێمدا، لە کۆی ٤٢ وەزارەت، تەنها ٢ وەزیر پێشتر پیشەی ئەندام پەرلەمان بووەو کاندیدکراوە بۆ وەزارەت، ئەو دوو وەزیرەش: چنارسەعد عەبدوڵلا و محەمەدحاجی مەحمودن

- لەحکومەتی سویدیدا، ٩ وەزیر لە کۆی ٢٢ وەزیر، پێشتر پیشەی ئەندام پەرلەمان بوون و لە پەرلەمانەوە کاندیدکراون بۆ پێکهێنانی حکومەت. ئەمە لە کاتێکدا بەپێچەوانەی حکومەتی سویدی حکومەتی هەرێم، ١٩ وەزیر لە کۆی ٤٢ پێشتر (وەزیر، جێگری سەرۆك، سەرۆك وەزیران) بووە، ئەم ڕێژەیەش ٤٥٪ی وەزارەتەکان پێکدەهێنێت.

لە حکومەتی سویدیدا، تەنها ٣ وەزیر پێشتر لە حکومەتەکانی پێشوودا پلەی وەزیرییان هەبووە، ئەم ڕێژەیەش ١٤٪ی وەزارەتەکان پێکدەهێنێت.

**تەمەن لە پێکهاتەی حکومەتدا**

تەمەنی وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

| | ڕێژە٪ی سەدیی |
|---|---|
| - ٣٩ ساڵ، ٣ وەزیر | ٪٧ |
| ٤٠ - ٤٩ساڵ ١٤ وەزیر | ٪٣٣ |
| ٥٠ - ٥٩ ساڵ، ١٧ وەزیر | ٪٤٠ |
| ٦٠ - ٧٠ ساڵ ٨ وەزیر | ٪ ١٩ |
| کۆی گشتی ٤٢ | |

بەم پێیە ٨ وەزیری حکومەتی هەرێم لە کاتی ماوەی وەزیرایەتیاندا، کاتی یاسای خانەنشینی تەواودەکەن، یاخود تەواوکردووەو دەبێت خانەنشین بکرێن. ١٧ وەزیریش تەمەنی لە سەروو پەنجا ساڵەوەیەولە ٤٠٪ی پێکهاتەکە پێکدەهێنێت

- ڕێژەی بەشداری پێکردنی لاوان خوارتەمەن ٤٠ ساڵ لەحکومەتی ههرێمدا ٪٧ ی وەزارەتەکان پێکدێنێت

**تەمەنی وەزیرەکانی حکومەتی سوید**

ڕێژەی سەدیی ٪

٣٠ ـ ٣٩ ساڵ ـ ٤ ـ وەزیر ١٨٪

٤٠ ـ ٤٩ ساڵ ـ ١٠ وەزیر ٤٥٪

٥٠ ـ ٥٩ ساڵ ـ ٧ وەزیر ٣٦٪

٦٠ ـ ٧٠ ساڵ (نییە) ٠٪

کۆی گشتی ٢٢

- بەم پێیەش هیچ کام لە وەزیرەکانی حکومەتی سویدی تا کاتی تەواوبوونی ویلایەتی حکومەت، تەمەنی یاسایی خانەنشینی نایانگرێتەوە، شایەنی ئاماژەپێدانە تەنها ٢ وەزیر تەمەنی ئێستای ٥٩ ساڵە تا ساڵی ٢٠١٠ کە کاتی تەواوبوونی ویلایەتەکەیانە، تەمەنیان دەگاتە ٦٣ ساڵ، واتە: ٢ ساڵ دەمێنێت بۆخانەنشینبوونیان.
- ڕێژەی بەشدارپێکردنی لاوان لە حکومەتی سویددا، لە خوار تەمەنی ٤٠ ساڵ لە ١٨٪ی وەزارەتەکان پێکدەهێنێت

سەرنج:

* ئەوەشمان لەیادنەچێت کە حکومەتی سویدی تەنها ٢٢ وەزارەتە، لە کاتێکدا حکومەتی هەرێم ٤٢ وەزارەتە.

وەزیری وەرزشو لاوان لە حکومەتی هەرێمدا (تەها عەبدولڕەحمان بەرواری)یە کە پسپۆڕە لە زانستە سیاسییەکانو تەمەنی ٤٥ ساڵە.

* وەزیری ژینگەی سویدی (هۆمۆسێکسوایل)ە، تەمەنی ٤٨ ساڵە، بەڵام وەزیری ژینگەی هەرێم، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامییەو ماستەری لە یاسای نێودەوڵەتیی هەیەو تەمەنی ٤٠ ساڵە.

*وەزیری بێ وەزارەت*

- *لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا* ٩ وەزیر هەیە بە ناوی (وەزیری هەرێم )و هیچ وەزارەتێکی نییە، شایەنی ئاماژەپێدانە کە لەو (٩) وەزیری بێ وەزارەتە، ٧ دانەیان لەسەر لیستو حیسابی قەوارەو پارتی سیاسییو لایەنەکانی ترن.

لێرەدا ناوەکانیان بلاودەکەینەوە :

١- مەحمود عیدۆ (ئێزیدی) ٢- جۆرج یوسف مەنسور (مەسیحی) ٣-محەمەد حاجی مەحمود (سۆسیالیست) ٤- سەعد خالید محەمەد (زەحمەتکێشان ) ٥- مەدحەت مەندەلاوی (عەرەب) ٦- عەبدوللەتیف بەندەر ئۆغلۆ (تورکمان) ٧- دەخیل سەعید (ئێزیدی) ٨- جینان قاسم (عەرەب) ٩- ئەبوبەکر عەلی (ئیسلامی).

- *لە حکومەتی سویددا* هیچ وەزیرێك نییە وەزارەتی نەبێتو ناوی وەزیری دەوڵەت بێت، بەلاَم لە جێگەی ئەوە، وەزارەتێك هەیە بۆ (پەرەپێدانو هاندانی پێکەوەژیان بەیەکسانی)، وەزیرەکەی ژنێکە ناوی (نیامکۆ سەبونا)یەو تەمەن ٣٧ ساڵەو بە ڕەچەڵەك ئەفریقاییو پێشتر ئەندام پەرلەمانی سوید بووە، سەر بە لیستی (پارتی گەلی سوید)یە.
- لەم سۆنگەیەوە ئەم نۆ وەزارەتەی حکومەتی هەرێم، دەکرێت لەیەك وەزارەتدا کۆبکرێتەوەو ناوی (پەرەپێدانو هاندانی پێکەوەژیان بەیەکسانی) لێ بنرێتو یەکێك لەو وەزیرانە ببێت بە وەزیرو ئەوانی دی بێن بە بەڕێوەبارێتی، لەناو وەزارەت لە جیاتی ئەوەی وەزیری بێ وەزارەت بن.

*شوێنی لەدایکبوونی وەزیرەکان بەپێی ناوچە*

لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

هەولێر، ١٢ وەزیر ڕێژەی ٢٩٪ی لەم ١٢ وەزیرە، ١٠ وەزیر لەدایکبووی ناو شاری هەولێرە.

سلێمانی ٩ وەزیر، ڕێژەی ٢١٪ لەم ٩ وەزیرە، تەنها ٥ وەزیر لەدایکبووی مەرکەزی سلێمانین.

دهۆك ٩ وەزیر ڕێژەی ٢١٪

گەرمیان ١٠ وەزیر ڕێژەی ٢٤٪

بەغداد ٢ وەزیر ڕێژەی ٥٪

کۆی گشتی ٤٢ ڕێژەی ١٠٠٪

لە حکومەتی سویددا

تەنها ٧ وەزیر لە پایتەختی سوید (ستۆکهۆلم) لەدایکبوون، ئەم ڕێژەیەش ٢٨٪ی پێکدەهێنێت.

١٥ وەزیری تری سوید لە ٢١ شاری جیاجیای سوید هاتوون، ئەم ڕێژەیەش ٧٢٪ پێکدەهێنێت.

شایەنی ئاماژەپێدانە، سوید خۆشی جگە لە موقاتەعەی ستۆکهۆلم، ٢١ موقاتەعەیهەیە (لاندسکۆپەر).

**پێکهاتەی وەزارەتەکان ـ ناوەکانیان بەپێی ڕیزبەندیی حکومەت**

| ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ٢٠٠٦ | ئەنجومەنی وەزیرانی وڵاتی سوید ٢٠٠٦ |
|---|---|
| ١- سەرۆك وەزیران | ١- سەرۆك وەزیران |
| ٢- جێگری سەرۆك وەزیران | نییەتی |
| ٣- وەزارەتی ناوخۆ | نییەتی |
| ٤- وەزارەتی کاروباری ناوخۆ | نییەتی |
| ٥- وەزارەتی داراییو ئابووری | ٢- وەزارەتی ئابووری |
| ٦- وەزارەتی کاروباری دارایی | ٣- وەزارەتی کار |
| ٧ ـ وەزارەتی کاروباری داد | ٤- وەزارەتی کاروباری داد |
| ٨- وەزارەتی داد | ٥- نیەتی |
| ٩ ـ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە | نیەتی |
| ١٠- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە | نییەتی |
| ١١- وەزارەتی گواستنەوە | نییەتی |
| ١٢- وەزارەتی پەروەردە | ٦- وەزارەتی (قوتابخانە) |
| ١٣ ـ وەزارەتی تەندروستی | ٧- وەزارەتی تەندروستیی کۆمەڵ |
| ١٤- وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی | ٨- وەزارەتی کاروباری خزمەتگوزاریی کۆمەلایەتی |
| ١٥- وەزارەتی ئەوقاف | نییەتی |
| ١٦- وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکان | نییەتی |
| ١٧- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن | |
| ١٨- وەزارەتی پلاندانان | ٩- وەزارەتی نەخشە گەشەپێدانی ژێرخان |

| | |
|---|---|
| ١٩– وەزارەتی مافی مرۆڤ | نییەتی |
| ٢٠– وەزارەتی خوێندنی باڵا | ١٠– وەزارەتی توێژینەوەو بروانامەی باڵا |
| ٢١– وەزارەتی کشتوکاڵ | ١١– وەزارەتی کشتوکاڵ |
| ٢٢– وەزارەتی رۆشنبیری | ١٢– وەزارەتی ڕۆشنبیری |
| ٢٣– وەزارەتی سامانەسروشتیەکان | ١٣– وەزارەتی پیشەسازی ووەبەرەێنان |
| ٢٤– وەزارەتی وەرزشو لاوان | نیەتی |
| ٢٥– وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم | ١٤– وەزارەتی دەرەوە |
| ٢٦– وەزارەتی بازرگانی | ١٥– وەزارەتی بازرگانی |
| ٢٧– وەزارەتی ژینگە | ١٦– وەزارەتی ژینگە |
| ٢٨– وەزارەتی گەشت وگوزار | نییەتی |
| ٢٩– وەزارەتی شارەوانی | ١٧– وەزارەتی شارەوانیو ئابووریی |

| | |
|---|---|
| | بازارِ |
| نییەتی | ١٨– وەزارەتی کاروباری ئەوروپا |
| نییەتی | ١٩– وەزارەتی زەمانی ئیجتیماعی (تەئمین) |
| نییەتی | ٢٠– وەزارەتی بەرگریی |
| نییەتی | ٢١– وەزارەتی پەناهەندە |
| نییەتی | ٢٢– وەزارەتی هاندانی پێکەوەژیان بەیەکسانی |
| ٣٠– ٣٩ وەزارەتی هەرێم، وەزیری هەرێم | نییەتی |
| ٤٠– وەزارەتی شەهیدو ئەنفالکراو | نییەتی |
| ٤١– وەزارەتی کارەبا | نییەتی |
| ٤٢– وەزارەتی گەیاندن | نییەتی |

بەپێی ئەم خشتەیە، دەردەکەوێت کە وڵاتی سوید ١٤ وەزارەتو پێکهاتەوکارەکتەری کابینەی لە هەرێمی کوردستان کەمترە، لەناویاندا: جێگری سەرۆکی ئەنجومەن، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی کارەبا، وەزارەتی مافی مرۆڤ، وەزارەتی گواستنەوە، وەزارەتی گەیاندن، وەزارەتی گەشتوگوزار، وەزارەتی وەرزشو لاوان، وەزیری هەرێمو وەزیری پێشمەرگە.

لە کاتێکدا کە سوید وەزارەتی وەرزشولاوانی نییە ـ دەچێتە مۆندیالەکانو خەڵاتی ئاڵتوونییش بەدەستدەهێنێت..هتد.

– وەزارەتی کارەبای نییە ـ کارەبا تەنها لە شەوی سەری ساڵ بۆ ماوەی ١ چرکە دەبڕێت.

– وەزرەتی گواستنەوەو گەیاندنی نییە ـ پاسو شەمەندەفەرو هۆکانی تری گواستنەوە بێ دواکەوتن لە کاتی خۆیدا ئامادەدەبن.

– وەزارەتی مافی مرۆڤی نییە ـ لە پێشەنگی وڵاتانی مافی مرۆڤ ناسراوە...هتد.

لەبەرامبەریدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەنها ٦ جۆر وەزارەتو ناوهێنانی لە پێکهاتە سویدییەکە کەمترە لەناویاندا:

وەزارەتی هاندانی پێکەوەژیان بەیەکسانی، وەزارەتی پەناهەندە، وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی زەمانی ئیجتیماعی، وەزارەتی کاروباری ئەوروپاو وەزارەتی کار.

**سەرنج** : * لەپێکهاتەی ئەنجومەنی وەزیرانی سوید (کاروباری خوێندنو قوتابخانەکان) بە ناوی وەزارەتی (قوتابخانەکان)ە، بەڵام لە پێکهاتەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەریم بە ناوی (وەزارەتی پەروەوردە)یە.

**ناوی حکومەت**

ـ ناوی حکومەتی سویدی (حکومەتی ئەلیانس)، پێکهاتوو لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی باڵی راستی سویدی، بە رابەرایەتیی پارتی (مۆدەراتی نوێخوازی سویدی)

ـ ناوی حکومەتی هەرێم (حکومەتی هەرێمی یەکگرتووی کوردستان) بە رابەرایەتیی ی.ن.ك‌و پ.د.ك.

*** راپرسی لەسەر یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**ئایا حکومەتی هەرێمی سلێمانیو هەولێر یەکیگرتووەتەوە؟**




**کۆی دەنگەکان ١١٦٧ دەنگ**

سەرچاوەی راپرسی: ماڵپەری کوردستان نیوز بۆ هەواڵ (ئەرشیفی راپرسییەکان)

## پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەت لە وڵاتی سویددا:

١- بەپێی دەستووری وڵاتی سوید کە لەساڵی ١٨١٠دا داڕێژراوەوو لە ساڵی ١٩٧٤دا، (یاسای فۆرمی حکومەت)ی تێدا نەخشراوە، تەنها پەرلەمان بۆی هەیە متمانە لە حکومەت وەربگرێتەوە، ئەگەر بێتو حکومەت لە ڕێچکە نەگۆڕەکەی لە چوارچێوەی یاسای حکومەت دەربچێتو کاروباری خۆی وەك ئەوەی کە بۆی دیاریکراوە لە دەستووردا بەڕێوەنەبات.

٢- سەرۆکی پەرلەمان داوا لە کاندیدی زۆرینەی پەرلەمان دەکات بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی، لەپاش پێکهێنانو متمانەبەخشین بە حکومەت لەلایەن پەرلەمانەوە، حکومەت بۆ یەکەمجار سەرۆکی وڵات دەبینێت کە پادشای سویدە.

شایەنی ئاماژەپێدانە بەپێی دەستووری وڵاتی سوید، پادشای سوید جگە لە سمبولو فۆرمێك، هیچ دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوایی دەستڕۆیشتووی نییەو، ساڵانە تەنها چوار جار بۆی هەیە بێتە پەرلەمانو لەگەڵ حکومەت دابنیشێت.

٣- هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی سویدی لە ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٠٦ بووە پارتە سەرکەوتووەکان لە هەڵبژاردندا کە بە لیستی (هاوپەیمانیی باڵی ڕاست ناسرابوون) لەپاش ٣٠ ڕۆژ حکومەتیان پێکهێناوە. بەپێی دەستوور چوار ساڵ جارێك حکومەت هەڵدەبژێرێت.

پەرلەمانو پێکهێنانی حکومەت
لە هەرێمی کوردستاندا

١- بەپێی ڕەشنوسی هەرێمی کوردستان، ماددەی سەدودوو (سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاندیدی زۆرینەی پەرلەمان بۆ پێکهێنانای کابینەی وەزارەت ڕادەسپێردرێت).

٢- (سەرۆکی ڕاسپێدراوی ئەنجومەنی وەزیران، لیستی ناوی وەزیرەکان دەداتە سەرۆکی هەرێم بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی لەسەر نیشانبدات)، پاشان سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاسپێدراو، داوای متمانە لە پەرلەمان دەکات بۆ وەزارەتەکەی.

شایەنی ئاماژەپێدانە، بەپێی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، بە ١٨ ماددە باس لە دەسەڵاتی دەستتێوەردانو بۆ هەبوونی سەرۆکی هەرێم لە بڕیارو چۆنیەتیی فەرمانڕەوایکردنی هەرێمی کوردستان دەکات.

٣- هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لە ٣٠ی جانیوەری ٢٠٠٥ بووە پارتە سەرکەوتووەکان لە هەڵبژاردندا کە بە لیستی (نیشتیمانیی دیموکراتیی کوردستان، ١٦٢) ناسرابوون، حکومەتیان لە ٨ی مایی ٢٠٠٦ پێکهێنراوە، واتە: لەپاش ٤٥٥ ڕۆژ ئینجا حکومەتی یەکگرتنەوە پێکهێنراوە. لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، واتە لەپاش ١٦ ساڵ، ئەمە دووەمین پەرلەمانە متمانەدەدات بە حکومەت

سەرنج:

- ئەندامانی پەرلەمانی سویدی، ٣٤٩ ئەندام پەرلەمانن، ژمارەی ژن (مێ)ینە ١٤٩ پەرلەمانتارو ڕێژەی بەشداربوونیان ٤٣٪ پێکدەهێنن.
- ئەندامانی پەرلەمانی هەرێم، ١١١ ئەندام پەرلەمانن، ژمارەی ژن (مێ)ینە، ٢٥ پەرلەمانتار ڕێژەی بەشداربوونیان ٢٢٪ پێکدەهێنن.

